www.kurdistannet.org
04/07/2003 12:11

به ناوی کوردستانی گەورە !

# زمانی بارانی (بادینی + سۆرانی)

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

زمانی یەک گرتو ، بۆ گشت نەتەوەیەک شتێکی هێندە پێویستە ، کە هەر نەتەوەیەک زمانێکی یەک گرتوی نەبێ ، بەدەگمەن دەبێتە دولەتێکی سەربەخۆ و هەر زمانێک دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە پشت نەبێ ، بەدەگمەن دەبێتە زمانێکی یەک گرتو (دیارە هەمیشەش کم شت موتڵەقن) . واتە : وشەگەلی یەک گرتویی زمان و سەر بەخۆیی وڵاتێک ، پێویستیان بەیەک هەیە. جا ، کەوایە بۆ ئەوەی کە گەلی کورد بە ئاواتی لە مێژینەی خۆی ، واتە سەربەخۆیی بگا ، پێویستە زمانێکی یەک گرتوی ببێ. بۆیەکیش تا ئێستا بە چەشنی پێویست زمانی کوردی یەک گرتو پێک نەهاتوە ، چون دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە پشت نەبوە. بۆ وێنە ، ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، بەناوی ئەلمان ، فەرانسە و ئیتالیا نەبوایە ، قەت ئێستا زمانگەلی یەک گرتوی ئەلمانی ، فەرانسەیی و ئیتالیایی نەبو. بەو باری دیکەشدا ، وێنەی بەرچاوی ئەم بۆچوونە ، زمانی لاتینە ، کە بەو گشتە گرنگیە بویەتی ، کاتێک دەوڵەتی لاتێن فەوتاوە ، زمانەکەش بوەتە زمانێکی مووزەیی و کتێبخانەیی. بە واتەیەکی دیکە ، یەکێک لە ناسنامە هەرە گرنکەکانی هەر گەلێک ، زمانە (یەک گرتوە) کەیەتی.

جا بەو بۆچوونەی سەرەوە ، زمانی یەک گرتوی کوردی ، بۆ پێ کهاتنی سەربەخۆیی کوردستان وەک ئۆکسیژێن وایە بۆ گیانلەبەر و بە پێچەوانەش ، دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کوردیش ، بۆ پێکهاتن و پاراستنی زمانی یەک گرتوی کوردی ، هەر وا پێویست و گرنگە.

بەشی هەوەڵی ئەو پێویستیانەی سەرەوە ، کە پێک هاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە ، کارێکی هەرە رامیاریە وبە قەولی ماموەستا ئەحمەدی خانی ، سەنگی هەرە قورسی ئەرکەکەی دەکەوێتە سەر شانی رامیاران و میر وەزیران (نەک شاعیر و فەقیران) و چاوەڕوانیی وەشاندنی چەکوشی وەک ئینجیرلیک ، بە هۆی ئاش وەستای ئاشی جیهانی و ئەم چەشنە شتانەیە ، کە بەداخەوە پێویستی ئەمرۆکەن.

بەڵام ، سەبارەت یە پێکهاتنی زمانی یەک گرتوی کوردی ، دەبێ ئەم کارە دەست پێکراوە ، بە هۆی زمان ناسان و پسپۆڕان درێژە بدرێ :

گشتمان دەزانین ، کە لە زمانی کوردیدا ، زاراوەگەل ، بن زاراوەگە و تەنانەت بنی بن زاراوەگی زورمان هەیە ، کە ئەمە بۆ گەلێکی بێ حکوومەت شتێکی سروشتیە. تەواوی ئەم زاراوە ، بن زاراوە و بنی بن زاراوانە ، لە دو دانە تەوەرەی سەرەکی دا کۆدەبنەوە ، کە یەکێکیان زاراوەی بادینیە و ئەوی دیکە ، زاراوەی سۆرانی. یانی ، دەتوانین بڵێین ، هەر کەسێک ، ئەم دو زاراوەیە بە تەواوی بزانێ ، بۆ لەباوەش گرتنی باقی زاراوە ، بن زاراوە و بنی بن زاراوەکانی خەڵکی کوردستانی گەورە ، گرفتوگیریەکی ئەوتۆی نابێ.

بۆ ئەوەی کە دو زاراوەی سەرەکی بادینی و سۆرانی ، بخرێنە نێو چوارچێوەی زمانێکی یەک گرتوی کوردی ، یەکێک لە رێگەگەل ئەمەیە ، کە ئێمە بەرەو پێک هێنانی چەشنە زمانێکی یەک گرتوی کوردی بڕۆین ، کە من لێرەدا پێی دە لێم زمانی بارانی ، کە پێ کهاتو لە بەشی هەوەڵی وشەی بادینی (با) و بەشی ئاخری وشەی سۆرانی (رانی) ، کە بەسەر یەکەوە دەبێتە زمانی (بارنی) .

زۆر بــه کورتی نێوەرۆکی ئەم گەلاڵەیە، دەبێ لەسەر ئەم بنەڕەتە بێ، کە چ بۆ نووسین و چ بۆ ئاخفتن، پــردێک لــێدەین لــە نێوانی هەر دو زاراوەکە دا. بە بیر وڕای من، ئەم کارە هەم دەبێتە هۆی دەوڵەمەندتر بــوونی زمانەکــە و هەم پێکهاتنی زمانێکی یەک گرتوی کورد، بە ناوی زمانی بارانی. بەڵام، پێویستە گشتمان، ئەم کارە پاڕالێل (موازی) ە، هەر لە بەیانیەوە دەست پێ بکەین.

بە بیروڕای ئەز، دەتوانێ چوارچێوەی ئەم گەلاڵەیە بەم چەشنە بێ :

١- لە وشەگەلی هەر دو زاراوەکە، کەڵک وەربگیررێ.
٢- لە ڕێنووسی هەر دو زاراوەکە، هەڵبژێررێ.
٣- لە سینتاکس (نەحو) ی هەر دو زاراوەکە، هەڵبژێررێ.
٤- باقی زاراوە، بن زاراوە و بنی بن زاراوەکانیش، لەبەرچاو بگیررێ.

قسە هەزارە و یەکێکی بەکاریە :

زەرەر لــە هــەر کوێــیەک دا بــەری بگری قازانجە. بە بۆچوونی من، ئەمە تاقە ڕێگەیەکە، کە دەبێ زو یا درەنگ بیبڕین. من ڕێگەیەکی باشترم پێ شک نایە ؟

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت